دار ژمارە

بڵند باجەلان

1

ئەو پەرستگایە دەپەرستێ
خودا و شەیتان
هەنار و تەماتە
عیسا و منی تیادا دەپەرسترێ.

2

قەتماغی گەورەترین بریندی خۆمم
لەگەڵ کولێرەیەکی سارد و
گوڵێکی لە درک دروستکراودا خوارد
دەبمە (جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی کۆ)

3

شەوانە
خەون بە یازدە ئەستێرە و خۆر دەبینم
بەڵام مانگ نابینم
گوایەمردووە

4

لە مەراسیمی ناشتنی داریکی (مەرسۆ)دا
ئەو کەسەم دۆزیەوە
سااڵنێک بوو بەدوای دەگەڕام
بەڵام نەچوومە لای
چوومە لای (ئەلبێرکامۆ)
چونکە نەمدەزانی
(بۆچی لەوماوە درێژەدا بە دوایدا گەڕاوم؟)

سەفەر

دڵسۆز حەمە

لەوێوە زۆر شووشە عەتر و
تەنورەی تا پشتی ئەژنۆ و
نامەی کەسێکم بۆ دەهات.. سەد جەخار
دڵی هەمیشە لە دەستیا و
پێش زەمانی خۆی کەوتبوو
کەسێک ئێوارانێکی زۆر دڵتەنگ
سەفەرێک لەگەڵ خۆی بردی
هەر لەو سەفەرەشدا ئیدی
بە ڕستەیەک شەهید بوو.. قەت نەهاتەوە،
هەربۆیە ئەو نامانەش بۆم دەنێرێت
لێوانلێون لە دڵتەنگی
لە تەرمی گۆرانیی کوژراو
لە خەونی پیاوێکی ئەسیر
بە هیچ دەنگێک سەبوریی نایەت ڕستەکان
سەر هەڵنابڕێت ماناکانی،
وەک ئەو کوێرەی بە ڕێگای گەرمی وشەدا
دەرگای دڵ دەدۆزێتەوە،
وەک پێکانی ڕۆح و شاردنەوەی
خوێنلەبەرچوونی گوڵەکانی
وەک کەوتنە یەکەمین عەشق
دەلەرزم من
دەمخواست لە سەر گەشی ئەستێرە
لە سەر ڕووناکیی پەیوەندی و
بۆنی ژێر چەناگەی منداڵێک بەرەبەیان هاتە
دونیا.. شتێ بڵێم،
دەمخواست.. بێتەوە سەر شەقامە زۆر
نادیارەکەی ژیان،
سەد حەیف،
کە چاوم دەخەمە چاوی
مردوویەک پێی گوتم ڕۆژباش:
شەقامێک پەیداکە تەنووە زۆر کورتەکانی تیا
لەبەرکەیت
پیاوێکیش بۆنی خوێن لە عەتر جیاکاتەوە!!

تابلۆی دایناسۆرەکان

ڕێبین ئەحمەد خدر

دنیا تەفروتونا بووە
هاوشێوەی تەقینەوەی کۆتایی
ترسناکی نێو کتێبە ئاسمانییەکان،
تەنانەت باڵندەیەکی بچکۆلەش نابینی
بە باڵی کوژاوەوە هەڵبفڕێ.

پیاوێک لە نێو باڵکۆنێکەوە ڕەش دەچێتەوە
چاوەڕێی دابەزینی فریشتەکانە
بە دەستی چەپی شتێک دەنووسێ،
جار جارە خۆڵەمێشی ڕژاوی چەناگەی
بە خۆڵەمێشی دەستی ڕاستی لە ڕووی
کاغەزەکە لادەبا.

مرۆڤەکان لە شێوەی پەیکەری جیا جیا
یەکێک بەختەوەرانە بەر لە مردن ڕەق بۆتەوە
یەکێک لە کاتی کڕینی کڵاودا،
کەللە سەری خۆی بە دەستەوە،
نیشانی فرۆشیارەکەی دەدا.

دوو سێبەر نزیک لە دیمەنی ئادەم و حەوا
بە پێی سوتاو و گریانەوە بەرەو یەکتری
دەڕۆن
دەبێ ئەوە "باوەش" بوونێت کە نەیهێشت
پاشماوەی ئەوان زەمین جارێکی تر
شکۆدار و جوان بکاتەوە؟

مانگ بە جەستەی ڕووت و جێ دەستی
هەموو ئەو شیعر و گۆرانیانەی بۆی وتراون
وەک تۆپێکی دڕاوی منداڵان دێتە خوارەوە،
پیاوی نێو باڵکۆنەکە هێشتا نەمردووە
کتێبێک دەخوێنێتەوە، چاوەکانی هەڵدەوەرن.

گورزەی ئاوێک لە سەربانی ماڵێکەوە
دەڕژێتە سەر شەقام هەڵمی لێ هەڵدەستێ
چەند ڕۆژنامەیەک بە سینگی شەقامەکەوە
نووساون
پایسکلی ڕۆژنامە فرۆشەکە دەگەڕێنەوە.
دایناسۆرەکان بە بچووکی دەگەڕێنەوە.

پەیکەری گۆڕەپانە سوورەکە شێواوە
ژنەکە خۆیشی دەزانێ بە هەڵە
پارچەیەکی قاچی خستۆتە شوێن لێوەکانی،
ئەمجارە بە بێ هاوارکردن پەیکەرەکە
هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە.

دەنگی پێکەنینی پیاوی نێو باڵکۆنەکە دێ
کاغەزێک لەگەڵ باڵەخانەیەکی تاریکدا
دەکەوێتە سەر زەوی:
دونیا تەفروتونا بووە
هاوشێوەی تەقینەوەی کۆتایی..